# ئایا زانكۆی كوردی  توانای پێشنیارێكی وەهای هەیە؟

هەندرێن شێخ ڕاغب

كێشەی كتێبەكەی (مەریوان هەلەبجەیی)،ناكرێت هەروا بە ئاسانی سەیر بكرێت‌ولە چەند لاپەڕەی كتێبێكدا بچووك بكرێتەوە.بەڵكو كتێبەكەی مەریوان بەشێكە لەو شەڕەی كە لەنێوان دوو كولتوورو دوو جیهانی مۆدێرنەوترادسیۆندا هەیە.شەرێكە لەناو خودی كۆمەڵگای ئێمەدا دەمێكە بەشێوەورەنگ‌وبۆچوونی جیاواز هەیە.!تا هەنوكە شەڕی ئەم دوو كەلتوورە بۆ خزمەتی كرانەوەی دنیایەكی عەقلانی نەبووە،كە خەڵك لەناو ئەو دنیایەدا مومارەسەی فكرێكی تەندروست بكات.بەڵكو شەرێك بووە،لایەنە ئایدۆلۆژی‌وسیاسیەكان،گەمەی یەك لایكردنەوەی بەرژەوەندیەكانیان و گەشەومانەوەیان پێ كردووە.بۆ نمونە قسەكردن  لەسەر دین‌وقسەكردن لەسەر مۆدێرنەودنیای ڕۆژئاوا،زیاتر لە دوو سەد ساڵە لە ڕۆژئاوا تێپەڕبووە(مەبەستم بەو فۆرمە قسەكردنەی كە ئێمە ئێستا لەم بارەیەوە دەیكەین)ودەیان قوتابخانەی فكری‌ووەرچەرخان‌وگۆرانی مێژوویی لە خۆ گرتووە،بەڵام لە كوردستان‌ولەناو كۆمەڵگای ئێمەدا،تا ئێستا فكر نەیتوانیوە،ئەم گەمانە لەدەست لایەنە ئایدۆلۆژی‌وسیاسیەكان وەرگرێتەوە.؟قسەكردن لەسەر مێژوی دین،لە هەموو لایەنەكانەوە..دەمێكە لە ڕۆژئاوا،سەدان‌وهەزاران كتێب‌و ووتاری لەسەر نوسراوەو لە هەموو وەتەرەكانی دین دراوە،بەڵام لایەنە سیاسی‌وئایدۆلۆژیەكانی ڕۆژهەڵات،هەموو قسەكردنێك لەسەر دین،بۆ مەرامی سیاسی‌وقووڵكردنەوەی ناكۆكیەكانی تەماشا دەكەن‌وبەكاری دێنن.ئەوەتا بەردەوام خەریكی ناشیرین كردن‌وبێ ڕەوشت كردنی دنیای ڕۆژئاوان..خەریكی وروژاندنی كێشەی ئاینی‌ونەتەوەیین بەناوی پاراستن لە ئیسلام‌وپیرۆزیی وپاكی‌ومانەوە.بۆ ئەوەی چیتر لایەنە سیاسی‌وئایدۆلۆژی‌وگروپەكان،كۆمەڵگا نەكەنە زیندانی عەقڵ‌ودنیای دەرەوە ناشیرین نەكەن‌ونوێ گەری‌ورۆشنگەری وئازادی نەتەوەكانی دنیا سوكایەتی پێ نەكەن.؟پێویستە زانكۆی كوردی ئەو زانكۆیە بێت،كەبە شێوەیەكی(زانستی)سەنتەری توێژینەوەولێكۆڵینەوە و باس‌وكاری فكرودیالۆگ‌وگوتاری گرنگ‌وكولتوری بێت.ناوەندی كۆكردنەوەی ئەو ناكۆكیانە بێت كەلە نێو كۆمەڵگادا سەرهەڵئەدەن‌ودروست ئەبن.پێویستە زانكۆی كوردی گووتاری زانستی لەبارەی قسەكردن لەسەر تەواوی سەرخان‌وژێرخانی كۆمەڵگا،بەرهەم بێنێت‌وهەموو عەقڵەكانی كۆمەڵگا،لەوێوە كار لەسەر بەعەقلانی كردنی تەواوی فكروباوەڕودیدوتێڕوانینەكانی كۆمەڵگا بكات.بەڵام ئەوەی لەم بارەیەوە هەڵوەستەمان پێ ئەكات؟هەڵوەستە كردنە لەسەر خودی زانكۆی كوردی.!ئایا زانكۆی كوردی خاوەن عەقڵی لەم جۆرەیە؟گوتاروفكرودیالۆگ بەرهەم بێنێت؟ئایا زانكۆی كوردی توانای هەڵگرتنی ئەركی لەم جۆرەی هەیە؟ئایا زانكۆ دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ عەقڵەكانی دەرەوەی خۆی بكات‌وخۆی ببێتە ناوەندی ئەم عەقڵانەوئەو گوتارانەی كەلەناو كۆمەڵگادا لەدایك ئەبن.ئایا زانكۆی كوردی دەتوانێت بەشێوەیەكی (زانستی).گوتارودیاردەوقسەوبۆچوونەكان بەزانستی بكات‌ودیالۆگ بخاتە شوێنی فەتوا.ئایا زانكۆی كوردی دەتوانێت مەریوان هەلەبجەیی‌وگوتاری لەم جۆرە،بەشێوەیەكی زانستی ئاراستەی كۆمەڵگا بكات‌ورێگر بێت لەبەردەم گەمەی سیاسیانەوئایدۆلۆژیایانەی ناو كۆمەڵگا؟ئایا توانای كۆكردنەوەی خوێندەوارەكانی ناو كۆمەڵگای هەیە كەلەنێو هۆڵ‌وشوێن‌وجوگرافیای زانكۆ شەڕی دید‌وبۆچوون‌وگووتارەكانی یەكتر بكەن و توندوتیژی‌ورای سەپێندراوی ئایدۆلۆژی وەك كولتوری باو لاواز بكات.چۆن

بتوانین ڕیً بگرین لەوەی کەسێك لەسەر نوسینی کتێبێك ودەربرینی بۆ چونێك،ڕووبەروی هەرەشەی کوشتن وشاربەدەروترس نەبێتەوە؟چۆن وا لە کۆمەڵگای کوردی بکەین،ڕاوبۆچوونی جیاواز و دیالۆگ بەرهەم بێنێت وفکر گەشە پیٚ بدات؟

چۆن وا بکەین نوسەرێك،سیاسیەك،سەرکردەیەك،هاولاتیەك،فەرمانبەروماموٚستایەك،خوێندکارێك...هتد،لەسەر دەربڕینی ڕایەکی تایبەتی وکردنی ڕەخنەیەکی گرنگ،ڕووبەڕووی نان بڕین و کوشتن وخۆشاردنەوە نەبێت؟چۆن وا بکەین بە دیالۆگ،جیاوازیەکانی ناو کۆمەڵگا ولایەنەکان وئایدۆلۆژیاکان بەرەو داهێنان ولەدایك بوونی تازە ئاراستە بکەین؟بۆچی هەمیشە لەژێر هەیمەنە ورەحمەتی فەتواوگەمەوئایدۆلۆژی لایەنە سیاسی و ئایدۆلۆژیاکان بین وچۆن حەز بکەن وکێیان مەبەست بێت وکێیان بەدڵ نەبێت؟ناشیرینی بکەن وترسی بدەنیٚ وژیانی لیٚ وەربگرنەوە،چۆن وا بکەین، کۆمەڵگایەك دروست بکەین،گرتنی ڕەخنەودەربڕینی ڕاوبۆچوونی جیاواز،بەسوکایەتی و پێشێل کردنی موقەدەس وتێك شکانی بەهاکانی کۆمەڵگا وەرنەگیرێت وهیچ لایەنێکیش پێی ئیستفزاز نەبێت وبەم ڕەنگە وەری نەگرێت.ئایا زانکۆی کوردی دەتوانێت کار لەسەر ئەو واقیعەی کۆمەڵگا بکات ودنیای تازەی مۆدێرنەوڕۆشنگەری ودنیای دین وحکایەتەکانی ومێژوو کولتوری ئێمەوئەوان ودەوروبەر بخاتە نێو گووتارێکی بە زانستی کراوو پڕ داهێنان و عەقلانی وکەس ئەوی تری پیٚ ڕەدنەکریٚ

تەوەو یەکتری ناشرین نەکەین ودەرگاکانی عەقڵ،قفڵی ئایدۆلۆژی ومەزهەبی بەرتەسکیان لیٚ بدەین،یاخود مۆدێرنەیەکی بچووك وبەرتەسك وکولتورێکی بیٚ لیٚ تێگەیشتن ببێتە هۆی وشك هەلاتنی عەقڵ.زانکۆ چ ڕۆلێکی گەورەی دەمێنێت،کە ئەگەر لەسەر مەزاجی حزب وگەمەی سیاسیەکان وفەتوای ئایدۆلۆژیاکان،ڕەدوقسەیەکی گرنگی نەبێت.زانکۆ کەی دەتوانێت گرنگی خۆی بپارێزێت وزانست بەرهەم بهێنێت،کە هەر خەریکی دووبارە کردنەوە ودووپات کردنەوەی مەنهەجێکی سەقەت وتەقلیدی بێت وخوێندکارەکانیش بەم پرۆگرامە سەقەتانە بخاتەوە نێو کۆمەڵگا،زانکۆ کەی دەبێتە ناوەندی هێورکردنەوەی ناکۆکی کولتورەکان وپێکەوە ژیانی کولتورەکان.